# ئەستێرەکانی بێزاریم [1]

ڤینۆس فایەق

خۆزگە دڵم لە جەستەی باریک و شەکەتم گەورەتربا

خۆزگە خۆشویستن رک و کینی لەناوبردبا

خۆزگە من تۆم تا ئەو حەدە خۆشنەویستبا

خۆزگە ئاسمان لە چاومەوە نزیکتر با

خۆزگە ئەمتوانی خۆرت بۆ بپێچمەوە و

لە نامەیەکا بۆ بناردیبا

**********

ئای خودایە

هەر ئەمشەو

وەکوو دەنکێ زەنیانەی یاخی بوو

لە ملوانکەکەی ملی خودا

بەربوومە خوار

وەکو پەڕ لە باڵی باڵندەیەکی عاشق

کەوتمە خوار

وەکوو رەنگ لە گوڵێکی سەر دووڕیانی ئەچێتەوە

بەرەوە مەملەکەتی خودا

رۆچوومە خوار

*********

ئای ئازیزم

ئەمشەو پێویستم بەو پەرداخە هەیە

تا ئاسەواری لێوتی لەسەر هەڵگرم

پێیوستیم بەو رێگایەیە

تا هاتنتی لەسەر بچێنم

پێویستیم بەو چرایەیە
تا مەملەکەتی عەشق
لە ژوور چەپی سینگمیەوە پیَ داگیرسێنم
پێویستم بە دەستی چەپتە
تا بەختت بۆ بگرمەوە
و پێت بڵێم من لەکویَ دانیشتووم
پێویستیم بە لەپی هەردوو دەستتە
تا نەخشەی قەدەرێکی ترت بۆ بکێشم و
وێنەی چاوم و دەم و لێوم و
باڵامتی لەسەر بۆ بکێشم
نەخشەی وڵاتێکت بۆ بکێشم
بۆ ئەوەی خۆشت بوێم لێی
نەخشەی تابووتێکت بۆ بکێشم
تا پێکەوە تیا راکشێین
ئاه... پێویستیم بە قاوەکەی
بنی فنجانەکەتە
ئەو قەسیدانەت بۆ بخوێنمەوە
کە هێشتا نەم نووسیونەتەوە
و پێت بڵێم چەندم خۆشم ئەوێی
ئاه..
لەسەر لا ڕێی تەمەنا جێم ئەهێڵی
ڕووت و قووت وەکوو ئاو (2)
هێمن و لەسەر خۆ وەکوو دارتێل
ڕاستگۆ وەکوو مردن
بەتاڵ وەکوو گوڵدانەکەم
بەسەر تەنافی چاوەڕوانیا

غەریبیم هەڵئەخەم

بەسەر دیواری بێدەنگیا

دەنگم هەڵئەواسم

قسە ئەپێچمەوە

دەستی پێکەنین ئەنووقێنم

تەقەڵ ئەدەم لە دەنگ و

قفڵ ئەدەم لە بینین

لەو پەنجەرەیەی ئەڕوانێتە سەر

باخچەکەی خودا و

دائەخرێ بەسەر

ژووری چاوەڕوانیما

دائەنیشم و ئاسمان دائەگرم و

ئەستێرەکانی بێزاریم ئەکوژێنمەوە و

پێیان ئەڵێم

خۆزگە دڵم لە جەستەی باریك و شكەتم گەورەتربا

خۆزگە خۆشویستن رك و كینی لەناوبردبا

خۆزگە من تۆم تا ئەو حەد خۆشنەویستبا

خۆزگە ئاسمان لە چاومەوە نزیکتر با

خۆزگە ئەمتوانی خۆرت بۆ بپێچمەوە و

لە نامەیەکا بۆ بناردیبا

******

(1) : ئەم قەسیدەیە نیوەی بە عەرەبی نووسیومە و نیوەی بە کوردی و پاشان عەرەبیەکەم کرد بە کوردی..

(2) : ڕووت و قووت وەکوو ئاو : ناونیشانی قەسیدەیەکی شاعیر دلاوەر قەرەداغیە.

venusfaiq@yahoo.co.uk